# تۆ، ژن!

## نووسینی:Eleonora Bru (*)

**و لە سوێدییەوە: هەندرێن**

***کاتێ تۆ ئەو دەنگە یەک رەهەندەی پیاو یان ژن دەبیسی کە بەو دەنگە شەکەتە بانگی تۆ دەکا، دەبێ تۆ هەڵبستییە سەر پێ، نیگایەک بدەیتە سەر شان، بڕۆیت بەڕێوە. تۆ دەبێ لەو دەنگە دووانەییەوە، هەروەک تۆ دەرزی ژەن کرابیت، لە مەزەندەی رابردوویەکی وێرانکراو و بە هەنگاوێکی خێرا بەرەو ئاراستەیەکی پێچەوانەدا رێدەکەی. ئەوە ماڵی تۆ نیە، هەرگیز هی تۆ نەبووە، لێرەدا ئەو هەنگاوە بەهێزانە هەرگیز بەرەو دیداری تۆ نایەن. سەرهەڵگرە! بەرەو رووی ئەو جۆگەلە تیژڕەوانە بڕۆ کە هانا بۆ گەرمی دەبەن و هاواری دەستە بەهێزەکان دەکەن. بە دوای تۆی ژن، هەروەک تۆ بە پشت راستی، سەر بەرز، بە چاوێکی ئاوەڵا، تۆ لە دایکبوویت، هەروەک تۆ هەمیشە هەبوو بیت.***

من چەند جار، لە کەسایەتییەکی بەرزی خۆمەوە، بە دژی ئەوەی کە یەکێک بە ناوی *ژن* بانگی کردوومە، جا گەر ئەو کەسە پیاو بوو بێت یان ژن کە بەناوی ژن بانگی کردوومە، بە دەنگێکی بەرزەوە ناڕەزایم دەربڕیووە. ئەوەی کە من دژایەتیم دەکرد زامێکی پێوە لکێنراوی لە ئەرکێکی شاراوە بوو، کە لە رێگەی ئەو وشەیەوە بە منەوە چەسپێنراو بوو. ئەزموونی زنجیرەیەک لە ژیانی ژنانی مێژوو بەمجۆرە ژیاون، کە ئەو مێژویەش نە من و نە ئیدیالی من بووە. لە جێگەی ئەوە من بە وشەی کچم وەڵامم داونەتەوە.

هەستم کردووە وشەی کیژ ئازادتر، ئاوەڵاتر، منالانتر بوو، منداڵیش ماڵی من بوو. کەچی ژن مانای بەخێوکردنی منداڵ بوو و بۆ بەردەوامی ژیانی خێزان قوربانی بوو. من تەنیا بووم، وەک منداڵێکی بەختەوەر کە بە پێیە بێماڵەکانمەوە لە جیهاندا ئامادە بووم، لەو کاتەوە تێگەیشتم کە من، بێجگە لە منداڵ، شتگەلێکی گرینگترم هەیە کە ئاگام لێیان بێت.

ئێستاش کە منداڵم، هەمیشەش بەمنداڵی دەمێنمەوە، وەلێ هاوکات لەو دواییانەدا دەستەواژەی ***ژن*** م قبووڵکرد و نرخاندم. گەر من تاجی ژنایەتیم دانا بێ بۆ ئەو شتەی کە پێی دەڵێن یاسایە سروشتییەکان، کە بەلای منەوە بیرکردنەوەیەکی ساختەیە، گەر تۆ ئێستا بەوە گەیشتی بیر لەوە بکەیتەوە، سەرهەڵبڕە!

کەچی ئەوە پەیوەندی بەوە هەیە کە من بەهۆی تێگەیشتنم لە چەمکی ژن بۆ رێگایەکی دوورتر رۆیشتووم. بە سادەیی من بە جۆرێک ئەو چەمکەم دووبارە بەرهەمهێنایەوە کە بتوانێت وەک هاوڕێیاتییەک، لەناو مندا بژیت.

هیچ مرۆڤێک لە سەرەتادا لە ناو خۆیدا مانای چەمکێکی نەخستۆتە ژێر پرسیار، لە راستیدا دەبێ دەرفەتێک هەبێ کە لەسەر ئەوە قسە بکرێت. بۆیە بەلای منەوە لەم خاڵەوە ساختەیی و تەمبەڵی فێمێنیزم ئاشکرا دەبێت. چونکە ئەو پەیڤانە بە گشتی بە پاکی دەرنابڕدرێن، بە واتای چاکی خۆیان راڤە ناکرێن. لە بڕی ئەوە ئەو پەیڤانە لەسەر بوونی ژن بە فێڵ و بە ئاسانکراوی بەکار دەهێنرێن، کە ئەو تەرزە راڤە-رووکەشانە لە ساختەترین، زیاترین کەموکوڕییەوە، بەرهەم هاتوون، ئەمەش کێشەی ئەو پیاوەیە گەر بیەوێت توانایەک دەستەبەر بکات بۆ پیکهێنانی شێوەی ژیانی ژن. بۆیە ئەمە کارێکی گێلانەیە کە بە کەموکوڕییە ناوەکییەکان، نەبوونی رۆشنبیرییەکی قووڵ، خۆی نمایشدەکات.

مرۆ بەو تەرزە راڤانە چی بەدەست دێنێت؟ ئەو پرسیارە لە خۆت بکە کاتێ دێڕەکانم راستەوخۆ لەسەر ئەوەی، کە ژنێکی بەڕاستی چۆنە، بەردەوام دەبێ.
بەڵام ئاخۆ ئەوە خۆی لە خۆیدا کێشە نیە کە بە بنەمایەکی وا لەسەر چەمکێک ، ژیانێکی زیندووی لەم تەرزە بدوێین؟ ئەوکات ئێمە جۆرێک لە ئاوەڵایی پیادە دەکەین بەوەی جۆرێک لە ئاکاری مرۆڤایەتی هەیە کە ئەوە لە ژنیشدا هەمان شتە. هەرچەندە ئەو تێڕوانینە بە سادەکراوە و ساختەیە، وەلێ لە پێشڕا ناشیرین کراوە. ئەو جۆرە تیڕوانینە لەسەر ژن بە چ ئاکامێک گەیشت، بێجگە لە بەرهەمهێنانی فۆرمێکی تەواو لە مرۆڤێکی Ressentiment –خودێکی رق لە خۆ بۆوە، (مرۆڤێک کە رقی لە راستی خۆیەت)!؟!
ژن بوونەوەرێکە لە هەموو بوارێکدا، وەک دەمکوتکراوێک لە هەموو جۆرە نیشانەیەکی نەخۆشییەکان وێنا و تاقیبکرێتەوە و پیشان بدرێت، هاوکات وا هەست بکا کە هەمیشە خۆی بە قوربانی بزانێت. هەروەک ناز لەسەر خۆی بکات کە خۆی چۆنە وا نەبێت، ئەو جلوبەرگە لەبەر نەکات کە خۆی دەیەوێت، ئەو کارە نەکات کە خۆی دەیەوێت، شوو بەو کەسە نەکات کە خۆی دەیەوێت، وا رەفتار نەکات کە خۆی دەیەوێت. بۆیە ژن وەک تارماییەکی بچووک لە ناو چڕترین سێبەری تیلە ئاسا، لە ژێر رکێفی هەموو نۆرمێکی پیاودا دەلەرزێت.
پیاو خوایە کە ژن و ئازارەکانی دروست کردووە، هاوکات ئەوە ژنە کە رۆڵی قوربانی کردەی بوونەوەرەێکی ئیفلیج دەگێڕێت. ئەو زار شرپیە بەتاڵەی ژن بەرهەمە هەرە باشەکەی بوو بە گێڕانی رۆڵێک، کە شوێنێک وەربگرێت، بە گوێرەی مەرجە داخوازیکراوەکانیش، پەردەیەک بۆ خۆی دابهێنێت.
ئاخۆ بەراستی ئەوە هەڵەی پیاوە کە چەند ژنێکی فەیلەسوف نیە؟ یان ئەو ژنە هۆزانڤانە مەزنانە کەمن، کە ئەوانە بە رۆڵی خۆیان، رزگار بن لەوەی کە لەگەڵ هۆزانڤانەکانی تر بترنجرێنە ناو راڕەوەکانی مێژوو؟
ئایا بەڕاستی ئازارەکە لەوەدایە کە ئێمە ئەو بیرۆکەیە قەبووڵ دەکەین کە گوایە ئەوە رق و هەڕەشەی پیاوە دژی ژن کە ئەوی ناچار کردووە لە بەرانبەر هزر و پەیڤەکان بێدەنگ بێت؟
ئەوە کامە دەسەڵاتی بۆگەنە کە ئێمەی ژن بەخشیومانە، ئەوە کامە دەسەڵاتە پیاو دەیبەخشێت. ئایا بەڕاستی ئێمە لەوە بە ئاگاین؟ ئایا رۆژێک ئەوەمان بە بیر داهاتووە، کە ئێمەی ژن گوایە کە هەست بە چەوساندنەوە سروشتیەکەمان دەکەین، بەوەش پیاو فرچک و گۆش دەکەین، بەوەش ئەو بە هەڵمەکان ژەهر خواردوو دەکەین، کە لەگەڵ راهاتنی کات ، پیاو فێر بوو بەو فۆرمە خۆی بوینات بنێت؟ چونکە حەزی پیاو وەک حوکمڕانێک وێڵە بە دوای ژێردەستە و کۆیلەداری، وەک ئەو دیالێکتیکە کۆیلەیەی لای هێگل.
ئاخۆ دواجار خودی ئەو تاوانە، ئەو کێشەیە، نەکەوتۆتە ناو ئەو زنجیرە ژەنگاوییە مێژووییەوە، نەبەستراوەتەوە بە خودی ئەو ژنایەتیە کۆیلە و ملکەچە؟ ئەدی ئەوە ژن نییە کە بە رێگای هەستە لاواز و بێتواناییە خنکێنراوەکەی، کە ئەو خۆی زۆر باش نەوە دوای نەوە لە کچ و کوڕەکانی خۆی فێر کرد و هەر خۆشی لە بێتوانایی خۆییەوە بێوچان پیاوی هاندا بۆ داگیرکردنی حەرشی پاشایەتی.
ئەمەش، لە ئەزموونی مێژووییەوە، شتێکی بەڵگە نەویستە کە ترس بەسەر ناخی ئازایانەی زۆرینەی مرۆڤەکان زاڵە. ئەم کێشەیەش جار بە دوای جار... جار بە دوای جار خۆی پیشان داوە، ئەو هەمووە جارە خۆ پیشان دانەش، لای مرۆڤەکان بە رێگای ئەو ئەشقەی کە هەیەتی بۆ خوڵقاندنی دەسەڵاتدارێکی دیکتاتۆرێ بەهێز بەسەر ژیانییەوە، خۆیان بەرجەستە دەکەنەوە. ئەوانەش بە قاپوتی حوکمڕانی و کۆنترۆل کردنەکانیان لاواز دەنوێنن، بەمەش بەخت رێگایان پێدەدا کە بەسەر مرۆڤە رەشۆکەکان حوکمڕان بن. رەنگە حوکمڕانەکان لە زۆر فۆرمدا

دروست بن، وەک خوایەک، ئیدیۆلۆگییەک لە بابەتی کاپیتالیزم یان فاشیزم یانیش تەنیا بەند بێ بە خاسڵەتێک کە هی پیاو بن.
هۆکاری هەوڵدانی مرۆڤەکان بە دوای حوکمڕانی " چەوسێنەرێکی ئیدیال" لە بنەڕەتەوە پابەندە بە ئەرک. بڕوانە، کە ژان پۆل سارتەر بە راشکاوی دەڵی، ئەرک، بەرپرسیاری، وەک ئازادی واتا پیادە کردن و هاوکاتیش دەستبەر کردنی ئازادیە. بە پێچەوانەشەوە نەبوونی ئەرک و نابەرپرسیاری و حوکمڕانی بەدترین دوژمنە. هەناسەیەکی خۆش کە هەبێ هو تۆ بیکێشی ئەوە حوکمڕانەکەی خۆتە. وێڕای ئەمەش دەخوازم بڵێم کە هیچ شانازییەک نیە، کە تۆی ژن وا چەوساندنەوەی خۆت لەژێر دەستی پیاودا رابگەیەنی.
لەوەش زیاتر هەوڵێکی تر بدەی کە بەرانبەر دەوروبەرەکەت دان بەوە بنێی کە تۆی ژن بوونەوەرێکی بێ ئەرکیت. هاوکاتیش لەو بێ ئەرکییە خۆت بە بەختەوەر بزانیت. هەروا کێشەکە لێرەدایە کە تۆی ژن پێت خۆشە تێڕوانینەکانت رابگەیەنی و شوێنێکت هەبێت، کەچی گیرۆدەی نەخۆشی کردەوەی سەربەخۆیی بوویت.
وەلێ خەمگینترین شت ئەوەیە، کە تۆی ژن، کار لەگەڵ ئەوە دەکەی هەروەک بەوە پاکترین و بەهێزترین هەستێک کە هەبێت وردوخاشی بکەیت، کە ئەویش: خوشکایەتییە.

من سەد ساڵ ژیانم بەسەر نەبردووە ، وەک چاوێکی چاودێر بەو هەزار سالەی مێژوودا هەڵنەزناوم، کەچی من ئەوە دەزانم.
بەڵام من بەو زانینە وای بۆ دەچم کە ژن دەکرێ چۆن بێت، رەنگە بە جۆرێک لە جۆرەکان هەر بەو جۆرەش بووە. واتا وەک ئەوەی کە **لێرە** ئەمڕۆ لە ژندا هەیە، پێم وایە زۆر داپۆشراوە، کەچی جارێک لە جاران ئەو ژیانە راستییەی لە جیهان هەبووە، کە بە وزە ژنایەتییەکەی، بە رەوتەکەی خۆی شێوەی ئەو ژیانە راستتیەی کە لە دەوروبەرەکەی خۆی بەدەستی کەوتووە. بە هەست، بە دەستە بەرجەستەکراوەکانی، وێنای جیهانی خوڵقاندووە و قووڵکیکردۆتەوە.
داستانی ئەو ژیانە زیندووەش، بە سەفەری ژنێک، رەنگە کیژێک لە سەفەرەکەیدا بە نێو دێهات، دەستی پێکردبێت. ئەو وزە ئاوەڵایە لە خوشکەوە بۆ خۆشک تەنیبووبێتەوە، لەوێوە پەڕیبێتەوە بۆ دەرگای ماڵی دراوسێیەک و ئەوانی تر، دوای خەڵکانی تر... بەمجۆرە تا بەوە دونیا زیاتر گەشەی ساندبێت.
ئەوەش سەرڕاست، زیاتر خولیا ئامێز بەڵام لەوە پڕ لەزەت تر، وزەی سەفەری ئەو تەرزە ژنە بوو کە ئەو بوڕکانە لەچالاکیەی مشتوماڵ کرد، کە ئەمەش وەک دڵێکی ئاوەڵای مرۆڤانەیی ئەو وزەیە بە سینەی هەموو ژنێکی بەخشی، کە بەوەش خوشکایەتی نمایشکرد. ئەو خوشکاتییە شتێک بوو کە گوێی نەدەدا بەو کێشمەکێش و شەڕە دەسەڵاتەی ئەو رەگە لاوازانە. بە پێچەوانەوە ئەو خوشکاتییانە کە هەستییان کرد دادەبەزن لە پێشڕا پێیەکانیان دانایە سەر ئەو گیایە بە باران ئاودراوە. ئەو کات ئەو خوشکایەتییە بە ناوی بڕواداری بە یەکتر بوو کە گوڵەکان لە گیایەکەوە گەشانەوە، گەشتر لە هەموو کات دەرکەوتن!
پیاویش، جا بناخە بوو بێت یان بناخە نەبوو بێت بۆ ئەوە شتانەی کە روو دەدەن. ئەو خوشکانە دەستی هاریکاریان بۆ یەکتر درێژ دەکرد، کە ئەمەش لەبەر ئازاردەر یان ئازار خواردنەی پیاوان نەبوو، کە ئەمڕۆ دەکرێتە باکگروندێک بۆ کێشەی ژن. چونکە ئەوکات پیاو ئەو مانایەی نەبوو.
ئەوکات ئەوە یارییەکی ئاسان بوو کە وا هەستدەکرا هەموو پەپوولەیەک هەڵگری سیحرێکی نرخدارە، کە رێگەی دەدا بە سروشتی دەستگیر بکرێت، تەنانەت چکۆڵەترین دەستەکانی ناو هەواش دەیانتوانی ئەو پەپوولەیە

دەستەمۆ بکەن. کاتێ ژنان یەکتر دەبینن، وەلێ دەبێ سەرەتا خودی خۆیان ببینن، بە جوانییەکی هاوبەش لە زەوییەوە هێزێک پەلکێش دەکەن کە وادەکات جۆگەلە تیژڕۆ جۆگەلە لەسەرەخۆیەکان رەوتی خۆیان بگۆڕن، بەرەو شەپۆلە گەرمەکان سەفەر بکەن.
وێڕای ئەمەش هەتاو لەو رۆژگارەدا بەو نەرمە بایە کە لە زەوییەوە پرشنگی دەدا، کە لە جاران زیاتر سەری خۆی بۆ بەیانی هەڵێنا چونکە خۆی نەک هەر گەرم بۆوە، بەڵکو گەرم کەرەوەش بوو. لەو خوشکایەتیەدا گومانێک لەو شتانهدا نیە ، نیگایەکی رۆشن و راستەوخۆ لە پشتدا:
دڵنیایی.

بەمجۆرە ئێمە لە قووڵایی خوشکاتییەوە لەسەر ژن قسە ناکەین، ئاخۆ ئێمە لە روانگەی جەوهەری هاوبەشییەوە نیە کە دەتوانین یەکێتی گشتی ئەو وێنەیە ببینین؟
لەوێوە ژن بە هێز دەبێت، کە گرێدراو بێ بە ملیۆنان دەست، بەمەش دەبێتە بوونەوەرێکی ئازا ئەوکات ئازایەتی لەسەر شوێنەکان فرەوان دەبێ، کە لەوێدا جارێک بێئومێدی و کێشمەکێش حوکمڕانی دەکرد.
ئەو تەرزە ژنە بە وریایی فێڵبازییەکەی، پشتی لە ژنێکی تر وەرناگێڕێت. ئەوەش ناوی ژنە چونکە خۆشی لە یادەوەری ئامادەیە، هەمیشەش لە یاد دەمێنێت، ئەو لە مێژووی منداڵێتییەکەیدا بە یەکگرتوویی ژیاوە، لەگەڵ هەموو شتێکدا لە خوشکایەتی دەژیا.
لەو روانینەوە ئەو (ژن) هەرگیز چیتر نابێتە نێچیری خەم لێخوراوی قوربانی لاوازی. بەڵکو ژن لە کاتە سەختەکاندا بەرانبەر جیهاندا بە ئاوەڵایی راوەستاوە و لە بنەمای سەرچاوەکەی خۆی هێز دەستەبەر دەکات. لەو بنەمایەشدا پیاو شوێنێکی نەبووە. ئەو بنەمایە بۆ پیاو جێگای سەرنج نیە، ئەو بنەمایەش گرینگ بەو نادات. ئەوە شوێنی ژنە، هەناسەی ژیانێکی بونیاتنەرانە رێگا ئاڵۆزەکانی ژیانی لاواندەوە.

ئێستا من لێرەم، لە کافێتریام، گۆشەگیرانە دەقیژێنم، من بەبێ هاوبەشی بۆ هەموو شتێک خاکێکی فراوان دەستەبەر دەکەم. باسکەکانم لەگەڵ جەستە خنکاوەکەم ونبووە و لەو پەیڤە یەک لە دوای یەکەکانەی کە دەیانووسم هێز گلدەدەنەوە. وەک جادووکەرێک خۆراک دەبەخشن، تاوەکوو لە هەموو شتێک کە گۆشەگیری ناوەکی ناخە، کە پانتاییەکە لە تێنەگەیشتن، بتوانن بەردوام بن.

ئەمەش دەمێکە وا بووە و منیش لە هیکرا پەیڤە دۆزەخییەکانی مارگەرێتە دۆراس Marguerite Duras م بە یاد دێنەوە کە لە دوا دیدارەکەیدا، سەبارەت بە پرسیاری نا هاوسەنگی و لەنگی نێوان ژن و پیاودا، گوزارەی لێکردن. دۆراس لەو دیدارەدا بێئومێدانە بە جەختکردنەوە دەڵێ، هەر لە بەرایڕا ئەو نا هاوسەنگییە جێگەی بێهوودەییە، چونکە پیاو هەمیشە بەسەر ژندا زاڵ بووە. ژن هەر لەسەرەتاوە بە ناهاوسەنگی پیاوی هێنایە ناو شوێنی ناوەکیەتی ژنایەتی خۆی، لەوێدا پیاو هیچ شتێک نیە بیکات. ئەوا ئێستا منیش دەستەکانی دۆراس دەگرم، ئەو دەستە میهرەبان و شەکەتانەی ئەو دەگرم و بەرەو دەستگرەکەی دەرگا بەرزی دەکەمەوە تاکوو دەرگایەکە لەسەر زۆرلێکراوەکان، زاڵمەکان کلۆم بدەن. یادەکان بەرەو رەوتی ژیانێکی ژیکەلانەتر، دڵڕفێنتر، سەفراز دەکەم. دەبێ ئاراستەی هێڵی کاتە راوبردووەکە بەرەو زارۆکایەتی گەردوونیانە بڕوات کە ئەوێ هەموو شتێکە، لەوێدا تەنانەت خەیاڵاندنی خەونەکان، لە خودی واقیعی ئەمڕۆش واقیعترن.

بەڵام ئەو هەستە گۆشەگیرە وەڕەس و ئاڵۆزکاوە، لە پێناو روانگەیەکی بێکۆتاییدا، هەنگاوێکی پێویستە بۆ هەڵکاڵین و رووبەڕوو بوونەوە کە لە ئارا دایە، بگرە ئەوکاتەی تۆ بەرەو رووی باشترین ئاوێنەی جیهان دەبیتەوە. تۆی ژن دەبێ بە زۆریش بێت هێزەکانت بەرەو رووی خۆت بکەیتەوە، ئاگات لە ناوەوەی خۆت بێ و سەر شۆڕیت و مل کەچیت خاوێن بکەوە. ئا لێرەدا، لە رۆژێکی ئەمڕۆدا، چیتر لە دەرەوە راناوەستی. بەڵکو سەری دەزووەکە بگرەو بەرەو سەرەتایەکەت بگەڕێوە و تا دەستت لەو کۆتایی کۆتاییەکەتدا گیر دەکەی، کە لەوێدا تۆی لەگەڵ خوشکۆڵەکەت جودا کردەوە.

بە خاوکردنەوەی دەزووەکان مانەیەک دابهێنە، دەزوولە بە خەون وێران نەبووەکان پێکەوە گرێبدا. کاتێ تۆ رادەسێی، بەهای هەموو خوشکەکانیشت لەناو تۆی ژندا رادەبن، ئەوجا ئێوە پێکەوە دەچنە ناو شەقامەکانی یەکایەتی: شەڕ **لەگەڵ کردنی ئەستەمە**.

بێ  خواست و ویستی تەگەرەیەک، رووەو هەتاوی کات هەنگاو بنێ.

تێبینی:

**(*) ئێلۆنورە برو، لە ساڵی 30. 7. 1979 لە ستۆکهۆلم، سوێد لە دایک بووە، خوێندکاری بە کەلۆری فەلسەفەیە لە ستۆکهۆلم. بێجگە لە شیعر، وتار و رانان لەسەر فیلم و شانۆ دەنووسێ و لە سایتی www.Slynglar.com**

**حەز دەکەم بڵێم، ئێلۆنۆرە، لەم دەقەدا هەوڵیداوە ئێستێتیکیانە بیرۆکەکانی خۆی لەمەڕ ژن و پرسیاری ژن دابڕێژێت، منیش هەوڵمداوە ئەو شێوازە بپارێزم. لە هەندێ رستەدا  بە پەیڤێک بیرۆکەکەی چڕ دەکاتەوە. واتا نووسینەکە خۆی وایە، نەک هەڵەی وەرگێڕان. ئەم دەقەش لای من سەرنجکێش بوو، ئومێدەوارم بۆ کیژ و ژنانی کورد هەروا بێت.**